کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-1-2007 14:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەڕێز قەزافی مۆنیومێنت بۆ دکتاتۆر سەدام حوسێن دروست دەکات!! ... مەلا فەرمان

من بۆ خۆم وتەکانی سەرکردە موعەمەر قەزافی دەربارەی گەلی کورد وای لێکردوم خۆشم بوێ و بە پیاوێکی خاوەن ویژدان و خاوەن هەڵوێست بزانم. هەمیشەش حەزم کردوە گوێ لە وتەکانی بگرم بە هەر بۆنەیەکەوە بوو بێت. پێم وایە هەر ئەم هەڵوێستەی بوو وای لە کورد و سیاسەتمەدارانی کرد وەک ڕێز لێنان لە هەڵویستی بەرانبەر کێشەی کورد لە سلێمانی گۆڕەپانێکی بە ناوەوە بنێن. بۆ وە بیرهێنانەوەی خوێنەر چەند وتەیەکی ئەو بەڕێزە بە نموونە دەهێنمەوە:



- بەڕاشکاوی بە دەوڵەتی تورکیای گوت، کورد هەقی ئەوەی هەیە دەوڵەتی خۆی هەبێت، کورد خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەیە.
- لە 2004-06-20 کاتێ حکومەتی عێراق دامەزرا و بەڕێز وشیار زێباری بوو بە وەزیری دەرەوە. بەڕێز قەزافی باسی ئەوەی کرد کە کورد لە دەوڵەتی عێراق بەوە هەڵنەخەڵەتێن کە وەزیری دەرەوەیان هەیە، چونکە کورد لە مێژوی دەوڵەتی عێراق پلەوپایەی باشتریان هەبووە، بەڵام لە کۆتاییدا مایە پووچ کراون. لەم بارەوە دەڵێت " لایخدعوکم بتولي الأخ هوشیار زیباري وزارة الخارجیة في وضع العراق الآن، لقد کان الفریق نورالدین محمود رئیساً لوزراء العراق، وکذلك أحمد بابان، وهما کردیان. کما کان وزراء الأشغال والمواصلات و الداخلیة والعدل والمالیة، والدفاع أکراداً . وتولی رئاسة أرکان الجیش العراقي أکرادٌ مثل الفریق بکر صدقي والفریق حسین فوزي.. والفریق أمین زکي. بل وصلت نسبة الأکراد بین موظفي الدولة العراقیة 25%، و97% في المناطق الکردیة. وقد کان للأکراد في مناطقهم في العراق مجالس قرویة.. ومجالس نواحٍ .. ومجالس قضاء .. ومجالس ألویة .. ومجالس محافظات".
- لە دوای ڕوخانی سەدام حسێن، بەڕێزی پێی وا بوو کورد لەم هەلە مێژووییە کەم وێنەیەدا وەک گەلانی تر دەبوایا کورد بانگهێشەی دەوڵەتی خۆی بکرد بایا. لەم بارەوەش بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ " اذا کنا أمام لحظة تحول تاریخیة.. وادعاء بتحریر الشعوب من مضطهدیها وقاهریها .. لیس هناك شعب مضطهد أکثر من الشعب الکردي في کل مکان .. ولیس هناك أمة مقهورة أکثر من الأمة الکردیة فلماذا الکیل بمکیالین في قضایا مصیریة.. ولماذا لایتم الوقوف کذلك إلی جانب الأمة الکردیة, ویعلن استقلالها ووحدتها.. وتنزع السیوف المسلطة علیها, وتأخذ مکانها کجارة وشقیقة للأمة العربیة.. والفارسیة و الترکیة. من خدع الأکراد.. من ساوم بقضیتهم المقدسة.. من باعهم ؟"

- کە کورد ئەم هەلەی نە قۆستەوە. قەزافی بە پەندێکی میسری بارودۆخی کوردانی باس کرد. (وخرج الأکراد من المولد بلا حمص ). واتە کوردان بی بەش لە نۆک خواردن لە میوانی هاتنە دەرێ. میسریەکان وا بەیەکێ دەڵێن کاتێ کە هیچی دەست نەکەوێ.

5-1-2007 14:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

قەزافی زۆر شارەزای مێژوی کوردە، بە تایبەت مێژوی کورد لە دەوڵەتی عێراق. لە نزیکەوەش ئاگاداری کارە دڕندانەکانی سەدامە بە رانبەر بە کورد: کوشتن، راگواستن، بە عەرەبکردن، بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی، هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفال. لە نزیکەوەش دۆستایەتی لە گەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی کورد هەیە بە تایبەتی لەگەڵ سەرەک کۆماری عێراق بەڕێز جەلال تاڵەبانی.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە گەڵ ئەو هەموو هەڵوێستەی بەرانبەر بە کێشەی کورد، ناودەرکردنی سەدام لە دونیادا وەک کەسێکی دکتاتۆری شەڕانگێز، کەچی لە هەمانکاتدا و لەم رۆژگارەدا قەزافی هەڵدەستێت بە دروستکردنی مۆنیومێنت بۆ سەدام لە تەنیشیت مۆنیومێنتی پیاوێکی شۆڕشگێڕی رزگاریخوازی عەرەبی بە ناوبانگی وەک عومەر موختار.

ئەم کارە بەڕای من زیاتر:

- لە کاری پیاوێکی نەتەوە پەرستی شۆڤێنی دەچێت؛
- یا لە کاری یەکێ دەکات لەدژی دژەکانی ئەنجامی بدات.

لێرەدا زیاتر لەسەری ناڕۆم، وەڵامەکەی بۆ سیاسەتمادران و دەسەڵاتدارانی میلەتەکەم بەجێ دەهێڵم. خەمی شێوەی وەڵامدانەوەکەشم هەیە، تۆ بڵێی پەلە بکەن و بە گۆڕینی ناوی شەقام و گۆڕەپانەکەوە وەڵام بدەنەوە!.

Siver575@hotmail. com